# پـــــــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە [(SUL. G. ( ٢٩٨٨)] ساڵی ٢٠١٥**

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگێشتی (گشتی)**

## بــۆ پــرۆژەی: - چاککردنەوەی کرێنی تەوافەکان ( pontoon crane ) ی بەنداوی دەربەندیخان ( دووەم جار ) .

**پـــــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی گشتی بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات که ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کـــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پـــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ب .گرێ بەستەکان / فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبـــەر ( ١٥,٠٠٠ ) **پانزە هەزار دینار ی عێراقی** که ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بلاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

١- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٥/١١/٢٩ ) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٥/١٢/١٣ ) لەکاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ )ی پاش نیوەڕۆ .

٢- ڕۆژی گەڕاندنەوەی تەندەر ڕۆژی ( ١٤ /٢٠١٥/١٢ ) تا کاتژمێر ( ١٢:٠٠ ) ی نیوەڕۆ دەبێت.

٣- ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە ڕۆژی ( ١٥ / ١٢ /٢٠١٥ ) کات ژمێر ( ٩ ) پێش نیوەڕۆ دەبێت.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە : ( ١٨٠ ) سەدو هەشتا ڕۆژ ( ڕۆژمێری ) .

٥- هەر ڕۆژێك لەو بەروارانەی لە سەرەوە دەست نیشان کراوە بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت, ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوام دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن ( اعتذار ) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمێڵ ( email ) ی تایبەت بە خۆی پێشکەش کات .

٨- پێویستە لە سەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ( ١ ) ی ٢٠١١ ,مەرجەگشتیەکانی بەڵێندەرایەتی ئەندازەیی عێراقی بەشی ( ١و٢ ) بێت .

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆییانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پسپۆڕبێت لەو بوارەدا یان کاری هاوشێوەیان هەبێت ,وە پێناسی پۆلێن کردنیان پێ بێت لە وەزارەتی پلان دانان یان مۆڵەتیان هەبێت لە وەزارەتی بازرگانی , پێناسی ژووری بازرگانی و پیشەسازییان پێبێت و ماوەی بە سەرنەچوبێت , کۆمپانیا ناوخۆیی یەکان دەتوانن ( joint venture ) بکات لەگەڵ کۆمپانیای بیانی کە پسپۆڕ بێت لەو بوارەدا .

٣- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە پسپۆڕبن لەو بوارەداو تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە بیانیانەی کە بەشداری دەکەن پێوستە پسپۆڕبن لەو بوارەداو مۆڵەتی ( کردنەوەی لقیان هەبێت ) لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٤- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن

٥- هیچ تەندەرێك لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦-بڕی بارمتەی یاسایی بە بڕی ( ٤,٠٠٠ ,٠٠٠ ) چوار ملیۆن دینارەو بە ( چەکی پەسندکراو ) یان ( خطاب ضمان ) بۆ ماوەی ( ١١٨ ) ڕۆژ پێشکەش دەکرێت .

٧- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێك بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئامادەبێت .ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت

٨- پارێزگای سلێمانی پابەند نی یە بە کەمترین نرخ.

٩- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر ( ٩٠ ) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی سندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر..

**سەدار قادر علی**

**جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری**

٢٠١٥ /١١ /٢٦

وێنەیەك بۆ

- بەڕێز سەرۆکی ئە نجومەنی پارێزگا
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گە نجینەی /٢ سلیمانی/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب .گشتی بەنداوو کۆگاکانی ئاو/ بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب . بەنداوی دەربەندیخان / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن
- ب . گرێ بەستەکان / کاروباری یاسا / بۆ کاری پێویست .
- کاروباری هونەری/ ب. پلان و بەدواداچوون/ بۆ کاری پێویست .
- سایتی پارێزگا .
- ب . ژمێریاری / وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ٢٠١٥ .
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئامادەبوونی نوێنەرتان لەکاتی کردنەوەی تەندەر.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- ب . تەکنەلۆجیای زانیاری .
- بەشی IT.
- بۆ بینینی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەری www.slemani.gov.krd بکە.